The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com




## راپۆرتە هەواڵێک لەسەر خۆپیشاندانی ناوەندی چاک لە سوێد

### ئامادەکردنی ڕاگەیاندنی چاک

دوای ئەوەی ماوەی کاتی یاسایی بڕیاری دادگای عێراقی سەبارەت بە تاوانبارانی ئەنفال تێپەڕی و جێ بەجێ نەکرا ، ناوەندی چاک وەک ڕێکخراوێکی راستگۆ لەگەل بنەماڵەی قوربانیان ، دەستی بەکۆمەلیک کارو چالاکی ناڕەزایەتی دەربرین کرد وەک ئیمزا کۆکردنەوە نوسەران و رۆشنبیران . لەگەل ئەو ڕێکخراوانەی داکۆکیکەرن لەمەسەلەی ئەنفال خۆپیشاندان و نارەزایەتی و یاداشتیان لەکوردستان دەست پێکرد ، سکالا نووسین لەسەر سەرۆکایەتی کۆماری عێراق ، لەهەندەرانیش وەک یەکەم ڕێکخراو دژ بە هەلوێستی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق خۆپیشاندانی بۆ بەردەم سەفارەتەکانی عێراق ئەنجامدا، سەرباری هەموو کەم و کورتیەکانی ، بەڵام سەرەتایەکی زۆر گرنگە لە نارەزایەتی دەربرین و ترس شکاندنی دیواری ترس لەبەرامبەر بەرپرسانی کورد ،کە تائێستا ئەوان بریاردەر و وئێمەش بێدەنگ بوینە . دەبێت ئەوەش بڵێین هەموو هەنگاوە سەرەتاییەکان زۆر گرنگە بەڵام بەدەریش نییە لە کەم و کورتی .

رۆژی 2007/11/24 کاتژمێر 14:00 لەشاری ستۆکهۆلم خۆپیشاندانێکی هێمنانە لەبەردەم بالویزخانە ی عێراق لەلایەن ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوولاتیانی کوردی دانیشتوی سوید بەڕێوە چوو ، بە بەرزکردنەوەی ئالای کوردستان لەبەرامبەر ئالای ئەنفالی سەفارەتی عێراق و لەتەک ئەوەشدا چەندی لافیتە ودروشم لەلەیەن خۆپیشاندەرانەوە بەرزکرابۆوە کەوێنەی بەشێک لە جەلادانی ئەنفالی (سەدام حوسێن ، وەفیق سامەرائی ، نزار خەزرەجی و سولتان هاشم ، حسێن رەشید ، سابیر دوری ...... تیا نەخش کرابوو ). شایەنی باسە سەرباری ئەوەی پەیوەندیمان پێشوتر بە سەفارەتی عیراقی کردبوو کە ئامادە بن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو یاداشتەی کەپێشکەشیان دەکەین ، بە ڵام بە داخەوە پێیان راگەیاندین کە لەڕۆژانی پشودا ناتوانن ئامادەبن تەنانەت لە وەرگرتنی یاداشتنامەکەش ، بۆیە تێکرای خۆپیشاندەران پرۆتستۆی هەلوێستی سەفاراتی عێراقیان کرد . دەبێت ئەوەش بلین کە ئەم سەفارەتە لەژێر دەسەلاتی کوردایە . یەکێک لە خۆپیشاندەران ئاماژەی بەوە کرد زۆر سەیرە هەر ئەو بەرپرسە کوردانەی ئیستا لەم سەفارەتەن ، لەسالی 2003 کاتێک کوردان خۆپیشاندانیان لەبەردەم سەفارەتی تورکیا ئەنجامدا ، دەرگاشیان لێنەکردینەوە رەخنە بارانیان کردن کەچی ئیمرۆ هەمان هەلوێست خۆیان دەگرن .

هەربۆیە دەقی یاداشتەکە لەلایەن نوێنەری ناوەندی چاک بۆ خۆپیشاندەران خوێنرایەوە کە ناوەرۆکەکەی بریتی بوو لە پرۆتستۆکردنی هەڵوێستی سەرۆکایەتی کۆمار بوو کەڕیگری یاسایی دەکات لە جێبەجێ کردنی بریاری دادگای عیراق بەسەر تاوانبارانداو و ڕیز نەگرتن لە هەستی دەیان ملیۆن کورد بەگشتی و قوربانیانی ئەنفال بەتایبەتی, کەلەبەرچاویان هەولی ئازادکردنی جەلادانی براو خوشک و منالەکانیان دەدرێت . وەپرۆتستۆی هەلوێستی سەرۆکایەتی هەرێم ،حکومەت ،پەرلەمان و نوینەرانی کوردی کرد لەبەغدا .

دواتر ئاماژەی بەوەکرد کە ئیمە بێدەنگ نابین لەبەرامبەر ئەو تاوانەی کەهەوڵ دەدرێت لە بەرامبەر گەلەکەمان ئەنجام دەدرێت ، بۆیە لەهەوڵی ئەوەداین نامەی تایبەتی بۆ پەرلەمانەکان و دادگاکانی ئەوڕپی بنێرین و ئاماژە بەوەبکەین کەئێستا دادگاکانی عێراق لە بڕی دادوەران ، سیاسیەکان بونەتە بریاردەری و هەمان ئەزمونی دادگای سەورەی حزبی بەعس دوبارە دەکەنەوە .

لە کۆتایشدا ئەوەی بە خۆپیشاندەرانی بەهەلویست وت کە ئەگەر بەرپرسانی کورد ببن بە پارێزەری جەلادی ئەنفال ، ئەوا چاک بەردەوام دەبێت لە بەدادگایی کردنیان ، هەر لەم بارەوە مژدەی ئەوەی پێراگەیاندن کە کەناوەندی چاک ماوەیەکی زۆرە لەچەندین ولاتەوە کاری بۆ بەدادگایی کردنی جەلادێکی ئەنفال لەهاوشێوەی سولتان هاشم کردووە کە هیوادارین لە ئایندەیەکی نزیکدا بیکەینە جوانترین دیاری بۆ بنەمالەی قوربانیان ، بۆیە ئەگەر ئەوان هەوڵی ئازادکردنیان دەدەن ، ئێمەش بەردەوامین لە بەدادگایی کردنیان تاوەک کەرامەتی نەتەوەیەکی ون کراو دەهێنینەوە , تا ئەرکی خۆمان لەبەرامبەر مێژوو جێبەجی نەکەین کۆل نادەین هەرچەندە بە تەنیا و ئابلۆقەدراو ئەرکەکەشمان زۆر قورس و درێژ خایەن بێت .

دەبێت ئەوەش بلێین نوێنەری یەکگرتوی ئیسلامی و پارتی چەپی کوردستان تاکە لایەنی سیاسی بوون کە ئامادەی خۆپیشاندەران بوون و پالپشتی خۆیان بۆ هەولەکانی ناوەندی چاک دەربری و ڕایان گەیاند کە خوازیارن دادگا ڕیچکەی یاسایی خۆی بگرێتە بەر و تاوانباران بە مافی یاسایی خۆیان بگەن ، دەبێت ئەوەش بلێین سەرباری ئەوەی پلەی گەرمی _ 7 بوو بەلام خۆپیشاندانەکە یەک کاتژمێری خایاندو کەنالی ئاسمانی نەورۆز تیڤێش ئامادە بوو،وە بەشیک لە دیمەنی خۆپیشاندەرانی گرت .



**ناوەندی چاک**

20071125

www.chak.be

chak_org@yahoo.com

**تیبینی : ته نها ئه م ئادره سانه مان هه یه .**